# ناوچە شوێنەوارییەکانی دەڤەری زاخۆ



ئا : عەبدولخالید سابیر

زاخۆ یەکێکە لەشارە دێرین و ستراتیژییەکانی کوردستانی باشورو دەکەوێتە رۆژئاوای شاری (دهۆک)ەوە. مێژوونووسی گریکی (زەینەفون) لەکاتی گەڕانەوەی لەگەڵ سەربازەکانیدا بەکوردستاندا، بەشاری زاخۆدا تێپەڕیوەو میللەتەکەشی بە (کاردۆخی) ناوبردووە، کە ئەو کوردانە دەگرێتەوە لەناوچە شاخاوییەکانی شوێنی ناوبراودا دەژیان.

بەتەواوی نازانرێت ناوی (زاخۆ) لەچییەوە هاتووە، هەندێك وای لێکدەدەنەوە کە ناوێکی ئارامیی کۆنەو لە (زاخۆتا)وە هاتووە کە بەواتای (سەرکەوتن) دێت، هەندێکیتریش لەوبڕوایەدان ناوی میللەتێك بێت وەك ئەوەی جوگرافیناسی یۆنانی (ئەسترابۆن) بە(سکوپۆدس) ناوی هێناون.

شوێنەوارێکی کۆن لەناو شارەکەدایە بەناوی (کیستە)، پاشماوەی شوێنەواری چەرخی ئاشووری و بابلی نوێیان تێدا دۆزیوەتەوە، سەرباری ئەوانەش هەندێك دراوی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامیشیان تیادۆزیوەتەوە، ئەو دراوانە لەمۆزەخانەی بەغدا هەڵگیراون.

بەدووریی دوو کیلۆمەتر لە شارەکەوە، کەنیسەیەکی گەورە لە گوندی (بیدار)دا هەیە کە یەکێکە لە کەنیسە جوانەکانی ناوچەکە. هەر لەوشارەدا پردێکی بەبەرد دروستکراوی لێیە دەکەوێتە سەر زێی خاپور بە ناوی (پردی دەلال)و مێژووی دروستکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان. پێش گەیشتن بەدەربەندی زاخۆ بە دووریی40 کیلۆمەتر لەڕێڕەوی (معلسا)وە، ڕێگەیەك بەرەو لای چەپ دەڕوات بەرەو گوندی (کولە)و بە ڕۆیشتنی نیو کاتژمێر بەپێ، قەڵاو شوێنەواری کۆن لەسەر شاخی سپی بەرچاودەکەون، گەڕیدەو سیاسەتمەداری بەریتانی خاتوو (گرترودبیل) لەگەشتەکەیدا ساڵی 1908، مێژووی ئەو شوێنەوارانە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان، هەندێکیتر لەمێژوونووسان ئەو شوێنەوارانە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان لەناوچەکەدا. هەر لەدەڤەری زاخۆدا شوێنەواری شارێکی کۆنی لێ ماوە بەناوی (زەعفەران)و قەڵایەکی لەبەرد دروستکراوی لێیە کە دیوارەکەی 1.70 مەتر ئەستوورە، ئەو قەڵایە دەڕوانێتە سەر پاشماوەی شارێك کەبەشێوەیەکی نیوە بازنەیی ناڕێك دروستکراوەو لە بەردەمیدا دەشتێکی پان‌وبەرین هەیە. بە ئاڕاستەی رووباری دیجلەو بەدووریی سێ تا پێنج کیلۆمەتر بەرەو باشوور، شارە وێرانەکە دەردەکەوێت، لە ناو شارەکەداو لە نزیك گۆڕستانێك چەند کەلاوەیەکی لێیەو هەر لەوێشدا چەند گۆڕێکی بەبەرد هەڵچنراو بەدیدەکرێت. سەرباری ئەوانە، ڕێڕەوی دوو شەقام دەبینرێن، یەکێکیان لە ناوەندی شارەکەوە بەرەو باشووری شارەکە دەڕوات و ئەویتریشیان ئاڕاستەکەی لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوای شارەکەیە. دەرگای لای رۆژهەڵاتی شارەکە بە باشی ماوەتەوەو دەرگای بەشی خوارەوەشی بریتییە لە پاشماوەی کۆمەڵە بەردێك کە پانیی هەریەکەیان دوو مەترە. واپێدەچێت ئەو شارە وێرانەیە کاتی خۆی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بنیات نرابێت، بەڵام مێژووی دروستکردنەکەی بە تەواوی نازانرێت، ئەگەرچی هەندێك لەمێژوونوسان دەیبەنەوە بۆ سەردەمی بیزەنتییەکان بەتایبەتی بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری بیزەنتی (هیراکلیۆس- هەرقل). لەسەر سنووری تورکیاو لەسەر رووباری (هازل-هیزل) پردێکی کۆنی لێیە، لە زاخۆوەو بە تێپەڕبون بە گوندی (درناخ)دا ئەو پردە دەکەوێتە بەرچاو[1] خەڵکی ناوچەکە وشەی (درناخ) بە واتای (دەرگای نوح) لێکدەدەنەوە کە گوایا کەشتییەکەی نوح لەم شوێنەدا گیرساوەتەوە، پردەکە لای بەشی زاخۆ بە بەردی سوورو پاشان بە بەردی مەیلەو بۆر دروستکراوەو شێوەی دروستکردنەکەی لە شێوەی پردی سەردەمی سەلجوقییەکان دەچێت. پاشماوەی قەڵایەکی کۆن لە نزیك گوندی (حەسەنییە) بەرچاو دەکەوێت، کە لەسەردەمی خۆیدا بۆ پارێزگاریکردنی سەرەڕێی ناوچەکە بنیات نراوە، هەر لەو شوێنەدا هەڵکەندراوێکی سەردەمی ئاشوورییەکانی لێیەو رووی کردۆتە شاخی (جودی)[2]، ئەو هەڵکەندراوە وێنەی پاشایەکی ئاشورییە کە بە پێوە وەستاوەو گۆچانێکی بە دەستەوەیە، هەندێك لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن، وێنەی پاشا (سەنحاریب) بێت.

لەبەرزترین شوێنی شاخی ناوبراودا کە شوێنی گیرسانەوەی کەشتییەکەی نوحە، پاشماوەی کەنیسەیەکی (نەستورییەکان)ی لێیە کە لە ساڵی 677ی زاینیدا هەورەبروسکە وێرانی کردووەو پاشان کە سوپای مۆسڵمانەکان ئەو ناوەیان گرت، سەر لەنوێ بنیاتیان نایەوەو کردیانە مەزارگەیەك بەوەی کە شوێنی گیرسانەوەی کەشتیی ناوبراوە، بەڵام پاش چەند سەدەیەك بەهۆی بارودۆخی نالەباری ناوچەکەوە، شوێنەواری ناوبراو بووە وێرانە، تەنها چەند کەڵەکە بەردو چەند درەختێکی لێماوەتەوەو لە ناو ئەوانەدا بەردێکی گەورە کە وەك میحرابێك دێتە بەرچاو، رووی کردۆتە باشووری شارەکە، خەڵکی ناوچەکە واباس دەکەن کە یەکەم شار دوای تۆفانی (نوح)ی بابلی لەم شوێنەدا بە ناوی (هەشتان) لەلایەن رزگاربووانی ناو کەشتیەکەوە دروستکراوە، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە، لە ناوچەکەدا گوندێکی کوردنشینی لێیە بەناوی (هەشتان) کە بەواتای (هەشتا) دێت، پێدەچێت هەشتا کەس لەوانە ئەو گوندەیان ئاوەدان کردبێتەوە، بەڵام هەندیك مێژوونووسی وەك (مەقدەسی) شاری ناوبراو دەخەنە خوار شاخی جودی‌و لەسەر زێی (هازل-هیزل) کە یەك رۆژەرێ لە(حەسەنییە)وە دوورە. ژمارەیەك لە لیکۆلەرەوە شوێنەوارناسەکان بروایان وایە کە کەشتیی (نوح)ی بابلی

(ئاتوناپشتم) لەسەر شاخی (نەسیر-ناتسیر) گیرساوەتەوە [3] کە ئێستا پێیدەڵێن: شاخی (پیرەمەگرون) لە نزیک شاری سلێمانی [4].

**پەراوێزەکان:**

1-لەو بەر شاری زاخۆوە لە کوردستانی باکووردا، شارێك بەناوی (شرناخ) هەیە کە بەواتای (شاری نوح) دێت.

2-وشەی (جودی) عەرەبییەو بنەرەتەکەی (گۆتی)یە، لەبەرئەوەی لە زمانی عەرەبیدا پیتی (گ) نییە بۆ نووسین، لەجیاتی ئەوە پیتی (ج) دەنووسرێت.

هەندێك لە مێژوونووسان وەك (جیمس هنری برایستد)و (همرڤی رۆبنسۆن) رایان وایە کە لانکی ئادەمیزادی دووەم لە دەوروپشتی کێوی (جودی) یا (نەسیر-ناتسیر) دا بێت، کە لە دوای تۆفانەکەو بە تێپەڕبوونی رۆژگارێکی دوورودرێژ خەڵکەکەی زۆر بوونو پاشان بەرەو ناوچەکانی تری گۆی زەوی رۆیشتوون.

3-لە نوسراوەکانی بابلییەکاندا هاتووە کە کەشتیی نوح، دوای تۆفانەکە لەسەر کێوی (نەسیر) گیرساوەتەوە، هەروەها پاشای ئاشووری (ئاشور ناسرپال) لەوبارەیەوە دەڵێت: "کێوی نەسیر دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شارەکانی ئاشوورو کێوێکی تەنیاو میخەکییەو لوتکەیەکی تیژی هەیەکە لەنووکی رم دەچێت" شوێنەوارناس (ستیرکینگ) رای وایە کە چیای (جودی)و (نەسیر-ناتسیر) یەك چیابن کە کەشتییەکەی ( نوح)ی لێگیرساوەتەوە.

4-ئەم راوبۆچوونەی دواییان، تائێستا نەسەلمێنراوەو شتێکی واش لەبەردەستدا نییە تاشوێنەوارناسان ئەوەی پێبسەلمێنن.

**سەرچاوەکان:**

1-الرافدان، تالیف (سیتون لوید) ترجمة طه باقر وبشیر فرنیس.
2-المرشد الی مواطن الاثار والحضارة، تالیف طه باقر وفؤاد سفر، الرحلة الثالثة 1966 بغداد.
3-تاریخ العصور القدیمة، تالیف (جیمس هنری برایستد) ترجمة (داود قربان) 1926 بیروت.
4-علم اثار بلاد الرافدین، تالیف (سیتون لوید) ترجمة (یوسف جبر) 1982 بغداد.

# دۆزینەوەی کووپەیەکی سەردەمی ئەشکانییەکان



سەباح شوکر

بەشێکی مێژووی هەرگەلێك گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای ژیانو بەکارهێنانی کەرەستە کۆنەکان بۆ بژێوی ژیان.. گەلی کوردیش وەکو سەرجەم گەلانی نیشتەجێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چیاو دەشتە بەپیتەکاندا ژیاوە، شوێنەوارناسەکان، چەندین ئەشکەوتو پەرستگاو دیواری نەخشکێشراوو کەرەستەی سادەی ناوماڵو جلوبەرگو دەیان نموونەی تریان دۆزیوەتەوە، بەڵگەی رەسەنایەتی ئەو گەلە دەردەخەن.

ساڵانێکە دوای راپەڕینو ئازادبوونی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان زۆرجار گوێبیستی دۆزینەوەی کەرەستەیەکی مێژوویی باووباپیرانمان دەبین کە چۆن ئەو کەرەستە خۆماڵییانەیان بۆ کاری رۆژانە بەکارهێناوە.

یەکێك لەو کەرەستە دۆزراوانە دوو کووپەی گەورەبوون لە گوندی گاپیلۆن-ی دۆڵی جافایەتی کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان، ئێستا یەکێك لەو کووپە گەورە جوانانە لە مۆزەخانەی سلێمانی دانراوە کە بەڵگەیەکی راستی مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەسەرەتای دۆزینەوەی ئەو دوو کوپەیە مامۆستا عەلی مەحمود ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی (ی.ن.ك) وتی:

-لەگەڵ کاك عادل ناسر سەردانی دیی چۆخماخ-مان کرد، لەوێ هاوڵاتیان باسیان کرد کە لە دیی گاپیلۆن دوو کووپە لەلایەن جوتیارێکەوە لە کاتی جووت کردندا دۆزراوەتەوە، یەکێکیان لە ماڵی کاك نەریمانە کە هاوڵاتییەکی دیی سنگرە، ئێمەش لە گەڕانەوەماندا سەردانی ماڵی کاك نەریمانمان کردو وێنەیەکی کووپەکەمان گرت، کووپەکە گەنمی تێکرابوو، تەکلیفی ئەوەمان لێکرد، کووپەکەمان وەکو دیاری پێشکەش بکات، ناوبراویش بەخۆشحاڵییەوە داواکەی پەسەندکردین، بۆیە لە رێگای گۆڤارەکەتانەوە سوپاسی هەستی بەرزی کاکە نەریمان دەکەین. کووپەکەمان گواستەوە سلێمانی کە لە سەرەتادا لە ماڵی خۆمان پارێزرابوو.. ئەمساڵ خوشکە پەخشانی بەڕێوەبەری مۆزەخانەی شاری سلێمانیم ئاگادارکردەوە، ئەویش بەهاوکاری کاك هاشمو کاك کەمال، کووپەکەیان لەگەڵ تەرازوویەکی کۆن گواستەوە مۆزەخانەی ناوبراو تا ببێتە موڵکی خۆیان. وەك لە سەرەتاوە وتم: دوو کووپە بوون، بەڵام ئەوی تریان تا ئەمڕۆ لە دیی گاپیلۆن ماوەتەوە.

بۆ زیاتر شارەزابوون لە مێژوو شێوەی کووپەکە سەردانی مۆزەخانەی سلێمانیمان کردوو کاك هاشم حەمە عەبدوڵڵا لێپرسراوی مۆزەخانە وتی:

-کووپەکە لە گڵ دروستکراوەو لاشەکەی بە دوو هێڵی نەخشدار نەخشێنراوە، دیارە زیاتر بۆ هەڵگرتنی خواردەمەنی بەکارهاتووە بەرزیی 1.15مو تیرەکەی 90سم-ە، دەمی کووپەکەش 45سم-ە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان 250پ.ز-226ز.

## داوای لێبوردن

لە ژمارە (29)ی گۆڤارەکەمانداو لە وتاری (هەمبانە چییە)دا، لە بریی ناوی نوسەرەکەی کە هاوکاری بەڕێزمان (کەریم عەبدوڵڵا هەرتەلی)یە، بە هەڵە ناوی (ئەرسەلان حەسەن) دانرابوو، داوای لێبوردن لە کاك کەریم دەکەین و ئاگاداریشی دەکەین کە پاداشتەکەی بەناوی خۆیەوە نوسراوە.